# نامەیەك بۆ پزیشك و شارەزاو سەنتەرە دەروونیەكان...

## مامۆستای یۆگا و لێپرسروای كۆمەڵەی یۆگای گۆسوامی : هاوبیر كامەران

دەروونناسە بەرێزەكان، لێكۆڵەرانی كێشەو گرفتە دەروونیەكان . ئەوانەی كە بەجۆرێك لە جۆرەكان پەیوەندیتان بە دەرونی خەڵك و كێشەو چارەسەرەكانیانەوە هەیە...

سەردەمی دەسەڵاتدارێتی حیزبی بەعس و دواتریش سەردەمی حوكمی سەددام حسێن توانی بەسەركەوتویی دەروونی هەموان زەخمی بكات . پاش ڕوخانی سەددام و حوكمی بەعسی عەرەبی ، دیسان برادەرانی خۆمان بەحیزبە عەلمانی و ئیسلامی و چەپ و ڕاستەكانەوە كارێكیان نەكرد زامە دەروونیەكان چارەسەر ببن و بەردەوام زامی نوێ درووست دەبوو . پاش شەڕی ناوخۆو وردە شەڕی نێوان حیزبەكان بەهەق و ناهەق دەروونی كوردی رۆژ بەرۆژ زیاتر دەشێوا.

سەردەمی نوێ لە كوردستانی عێراق بەهاتنی تەكنەلۆجیای ئازادی و مۆبایل و سەتەلایت و مۆدێلاتی رۆژئاوایی لە جل و بەرگ و تەنانەت بیروڕای بەسەرچووی ئەوروپا و ئەمریكای حەفتاكان و سست بوونی ئایین و پەیوەندی و بنەما كۆمەڵایەتیەكان ، لەو هۆكارە بەهێزانەی دوای روخاندنی رژێم بوون لەكوردستان و دواتریش لەعێراق كە زیاتر لە ئەنفال و كیمیاوی كاریگەریان هەبوو.

ئێستا مەگەر فاڵنامەی حافز بگرینەوە بۆ ئەو هەموو كێشە دەروونیە تا بزانین كەی تەواو دەبن یان هەر هیچ نەبێت كەم دەبنەوە . كێشەی دەروونی ئەو كەسانەی كە نیوەیان نایانەوێت یان ناتوانن یاخود رویان نایەت بێنە خەستەخانەكان و بڵێن گرێی دەروونی و نەخۆشی خەریكە لەرێژنەمان ئەبات.

زیادبوونی ڕێژەی تەڵاق و كوشتن و خۆكوشتن و خۆسوتاندن و خەمۆكی و خاكەساری و شیزۆو و نەخۆشیەكانی تری دەروونی و نەمانی سوكناییەك بۆ ئارامی و دەیان هۆكاری تر، خەتەرێكی زۆر گەورەیە لەسەر باری دەروونی خەڵكی كورد . ئەم خەتەرە ترسناكە پێویستی بەوەیە هەموومان بكەوینە خۆ. سەرەتای ئەمەش بەكۆبونەوەیەكی گەورەی دەروونی دەبێت لەشێوەی كۆنفرانس یان كۆڕێكی گەورە كەتیایدا هەموو ئەوانەی لەو بوارەدا شارەزان ئامادەی بن و وانەو پرۆژە و بابەتی گرنگ بخەنە بەردەست بۆ بەرەو ڕوبونەوەی ویبای نەخۆشیە دەروونیەكان كە هیچیان لە ویبای ئەنفلۆنزای باڵندەو كۆلێرا كەمتر نیە . دەكرێت لەوەها كۆبونەوەیەكدا رێگەچارە بۆ بەگژاچونەوەی نائارامی و پشێوی دەروونی خەڵك دابنرێت كە سەرچاوەی نەخۆشیەكانە.

بۆیە بەندە وەكو مامۆستایەكی یۆگا و لێپرسراوی كۆمەڵەی یۆگای گۆسوامی ئامادەو داواكارم بەو داوایەی سەرەوە تاخۆمان و رۆڵەكانمان بپارێزین لەكێشەو نەخۆشی. كاتی ئەوە هاتوە بەكۆ كار بكرێت ، تەنها سەنتەرێك ، تەنها خەستەخانەیەك ، تەنها كەسێك ناتوانێت نەتەوەیەك لەم بارە گرژە دەروونیە دەربێنێت ، داواكارم لێتان كۆ كارێك دابمەزرێت بۆ خزمەتی خەڵك لەبواری دەروونیدا كە سەرەتاكەی بە بانگەشەی هەموو شارەزایانی دەروونی دەبێت بۆ كۆنفرانس یان كۆبونەوەیەكی گەورە .